ئەو خێرخوازە بناسە

شێخ ثانی نەقشبەندی

شێخ ثانی نەقشبەندی

شاری هەولێر هەر لە کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ چەندەها زاناو پیاو چاك و خێرخوازی لێ هەڵکەوتووە، هەر لە سەرەتای ژیانی یانەوە هەتاکو کۆچی دوایی یان رەوشەنکەرەوە بوونە بۆ دەروبەریان لە کاری خێرخوازی درێغیان نەکردووە یەکێك لە وانە (شێخ ثاني) نەقشبەندیە، ناوی تەواوی ئەم خێرخوازە (شێخ عەبدولرەحمان شێخ ئەسعەد شێخ عەبدولرەحمان)ە ناسراوە بە (شێخ ثاني) واتە: شێخی دووەم لە بەرئەوە ئەم نازناوەی لێندراوە چونکە بە ناوی باپیری شێخ عەبدولرەحمان کراوەتەوە. ناوبراوە لە بەرواری ١٩٢٨/٧/١ لە شاری هەولێر لە بنەمالەیکی ئاین پەروەر لە دایك بووە، شێخ **ثاني** لە ساڵی ١٩٨٠ مزگەوتێکی دروست کرد لە پیشت نەخۆشخانە کۆماری بە ناوی (شێخ **ثاني**)

ناوبارو هەموو رۆژێك نیوەرۆیان لە ماڵەوە خواردنی دەهێنا بەسەر هەژارانی دابەشی دەکرد لە مزگەوت، وە هەروەها هەموو رۆژێك پاش نوێژی عەسر لە مزگەوتی خۆی مەولودی پێغەمبەری (د.خ) خوێندوەتەوە، لە هەمان کاتدا پارەی لە دەوڵەمەندان وەرگرتووە بەسەر کەمئەندامان و لێقەوماوان و هەژاران دابەشی کردووە، زۆر گرنگی بە کاوربارى کۆمەڵایەتی داوە لە پرسە کۆمەڵایەتی یەکان رۆلی بەرچاو و کارای بینیووەو وێل بووە بە دەم کارە مرۆڤایەتی یەکان بەبەردەوامی لە ژیانیدا نابراو پێاوێکی خودا بەرست و هێمن و لەسەر خۆ بووە و بە بەردەوامی سوود و قازانجی بۆ خەڵك ویستووە و خەڵکی هان داوە بۆ کاری خوداپەرستی و چاکە کاری و خێرکردن بەکەم ئەندامان و هەژاران بۆ خۆی لەم بوراوەدا هەتا کۆچی دوایی درێغی نەکرد، ئەم خێرخوازە لە رۆژی یەك شەمەی رێکەوتی ١٩٩٠/٧/١٧ بە یەکجاری ماڵئاوایی لێ کردین بەمەش خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی شاری هەولێر بە تایبەتی پیاو چاك و خێرخوازێکی لەدەسەتدا، لەرێورەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێر و دەوروبەری لەهەموو چین و توێژەکانەوە لە گۆرستانی گەرەکی خانەقا تەنیشت مزگەوتی شێخ مستەفا بە خاك سپێردار.

ئا. خورشید هەولێری

ئەو خێزانەی زۆرینەی ئەندامانی کەرولاڵن

لەگەڕەکێکی شاری هەولێر سەردانی خێزانێکمان کرد کە (٥) لە ئەندامانی کەرلاڵن (توانا) بە پێویستی زانی ئەم دیمانەیە ئەنجام بدات. سەرەتا دایکیان بەم شێوەیە دووا:

من فاتم جلال لە دایك بووی ١٩٨٢ هاوسەریەتیم پێکهێناوە لە هەولێر گەرەکی کورانی عەنکاوە دەژین هاوسەرم لە دایکبووی ١٩٤٢ وە ١١ سەر خێزانین (٩) منداڵم هەیە (٥) یان کەرلاڵن (٣) یان کور و (٢) یان کچن. خۆم و هاوسەرم کەرولاڵ نین و لە خزمەکانیشمان کەرولاڵ نیە. خزمەکان و دروسێکان بە ئاسانی ناتوانن لێیان تێبگەن تەنها خۆم نەبێت بە ئیشارەت لە یەکتر دەگەین چونکە من دوو خولی تایبەت بە بەکەرولالانم دیوە و سوودم لێ وەرگرتووە. دەربارەی کارکردن هەرپێنیان کارناکەن بۆیە باری ئابوریمان نارێکە و بژێوی رۆژانەمان سەخەە و پێویستیان زۆرە و دلیان ناسکە دەبێت ئارەزوەکانیان جێ بەجێ بکەین بەپێی توانا بۆیە خۆم و باوکیان خۆشەویستی خۆمانیان بۆ دەردەبڕین بەرێگای دەست بەرسەر داهێنان و ماچ کردن و پێکەنین و رووخۆشی لەگەڵیانا. ئێمەش هەستمان بەوە کردیە کە هەر پێنجیان یەکتریان خۆش دەوێ و دلیان بەیەکتر خۆشەو یاری لەگەڵ یەکتر دەکەن بەڵام لەبەر دلناسکیان جاروبار بەشتێکی بچووك تورەدەبن و هەڵدەچن ئاماژەی بەوە کرد کە گشتیان لە کۆمەڵەی کەرولالانی کوردستان ئەندامن و زۆر جاریش سەردانی پزیشکی تایبەتیمان کردوە بەڵام چارەسەریان نەبووە.

لەوەڵامی پرسیارێك ئایا لە رێگای کۆمەڵە هیچیان بۆ کراوە لە وەڵامدا ووتی نەخێر چونکە باری ئابوری کۆمەڵەش سنور دارە.

لە دواین ووتەش ووتی پیرۆز بایی لە دانانی ماڵپەری *Mabast* دەکەم کە زمانحالی ئەنجومەنی کۆمەڵە خاوەن پێداویستیەکانە و دەستخۆشی لەم کۆمەڵانە دەکەم کە توانیویانە گۆڤاری (توانا) دەربکەن و بابەتی بە پێزی تێدا بنووسن. و بە بۆنەی ساڵیادی کەم ئەندامانی جیهان کە لە ١٢/٣ی هەموو ساڵێك یادی دەکەینەوە داوا لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە یاتر پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی کەم ئەندامان بەگشتی و کەرولا لەکان بەتایبەتی بکەن لەرێگای دارشتنی یاسایەك کە تایبەت بێت بە کەم ئەندامان مافە جۆراو جۆرەکانیانی تێدا مسۆگەر بکرێت.

ئا. دیمانە (شنۆ شوانی)